بە قسەیان بکەن بەکردەوەیان مەکەن

پوختە وەڵامێك بۆ مەلا مەلحەم

بۆتان تەحسین

نەمدەویست وەڵامی وتارە پڕ لە تانەو تەشەرەکەی (مەلامەلحەم) بدەمەوە و خۆم بێنمە ئاست نووسین و وتوێژو وەڵامکارییەکی لاسەنگو ناکام، لەبەر ئەوەی زیاد لەسنوور هێرش و پەلاماری کردووەتە سەرم. زۆریش خۆی بەقارەمان و شۆڕشگێڕ لەقەڵەم داوەو منیشی فرێدراوەتە ئەوبەرەوە. نامەوێ وەك ئەو مێژوو و رابردوو بۆ خۆم بڕازێنمەوە، عەرەب گوتەنی (من مدح نفسه ذمه). بۆیە ویستم مەلا حەواڵەی خوا بکەم. بەڵام وێڕای ئەمەش پاڵەپەستۆو جەختی برادەران وای لێکردم پوختە وەڵامێك بنووسمەوە نەبادا خەڵك واتێبگەن هەموو ئەوەی نووسیویەتی راست و روون و بێگەردە.

جارێ بەر لە هەر شت وەك لەجاری یەکەمیش ئامارژم پێکردبوو، هەندێ لەو مەلایانە لە هەموو بۆنەیەکدا، بەبیانوو و بێ بیانوو ناوی کۆمەڵێك سەرکردەو ئەستێرەی درەوشاوەی مێژووی کوردەواری وەك (شێخ عوبێدوڵڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و قازی محەممەدو بارزانیی نەمر) ریزدەگەن، گوایە هەموو مەلاکان هەر لەم بابەتەو جۆرەو ئیتر نابێ کەس لە گوڵ کاڵتریان پێ بڵێ. ئەمەش بەهەقەت جێگەی حەساسیەت و نیگەرانی هەموو مرۆڤێکی هۆشمەندو ویژدان زیندووە.

نالی گوتەنی (چۆن پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا). ئەگەر مەلایانی کورد هەمووی وەك شێخ عوبێدوڵڵاو قازی محەممەدو بارزانی بان، ئەوا لە مێژبوو ئالای کوردستان لەسەر بارەگای نەتەوە یەگگرتووەکان لە نیوێرك دەشەکایەوە. ئەو سەرکردە مەزنو نەمرانە لەکوێو، ئەوانە لەکوێ کە وەك مشەخۆر لەسەر رووتی و رەجاڵی میللەتەکەیان دەژین. یان ئەوانەی یەك مانگ پێش رووخانی رژێمی بەعس و خۆ لەکونە مشك شاردنەوەی سەددام، لە کوردستانی ئازادەوە هەیپایان دەکرد بۆ کەرکوك و بەشێوەیەکی (سفرەدرانە) پێ لەقەیان لە نازو نیعمەتی کورد هەڵدەداو، بەیعەیان بۆ سەددام دەکردو لەتەلەفزیۆنی جەزیرە دەردەچوون.

بەقسەی ئەو مەلا مەلحەمە بێ، نابێ کەس ناوی ئەمانە بێنێ یان سووکە ئاماژەیەکیشیان پێ بدات چونکە ئەمە بێ نەمکییە، گوایە بەرامبەر خەباتی سەرکردە مەزنەکانی کورد. عەرەب دەڵێت (شر البلیة مایضحك). بە دەست خۆم نەبوو لەکاتی ئەم بەراوردەدا پێکەنینم هات.

مەلا مەلحەم دەڵێ "کاك بۆتان وا تێدەگات بە تاشینی سمێڵۆ فرێدانی جلوبەرگی کوردی بووتە رۆشنبیرو نووسەر".

منیش دەڵێم مەلا گیان هەروەك چۆن بە تاشینی سمێڵۆ فرێدانی جلوبەرگی کوردی هەموو کەسێك نابێ بە نووسەر، بەهەمان شێوەش هەر کەسێك کەواوسەڵتەی مەلایەتی لەبەر کرد مەرج نییە پیاوی خوا بێو شایستەی ئەوە بێ لەکۆڕو مەجلیسان لەپێشەوە بێ. هەموومان لە بیرمانە پار ئەم کاتە (دەق دوو هەفتە دوای ئێستا). کارەساتە خۆێناوی و تاوانە گەورەکەی یەکی شوبات ڕوویداو، زۆر سەرکردەو کادیری پلە یەکەو بەتوانای کارگێڕیی و سیاسی کوردستانی لەدەستدایین. شاراوەش نییە ئەم تاوانە بەسۆیە کێ ئەنجامیدا. ئەو کاتە لە هەموو کات پێویستمان بەفتوای مەلایانو دەنگی ئایین هەبوو، بەداخەوە قڕوقەپەکەی ئەوکاتە بوو بوو بەمایەی سەرسوڕمانی هەموو گەلی کورد.

ئەمەی سەرەوە قسەیەك نییە من لەگیرفان دەرم هێنا بێو، مەلا مەلحەم بیکات بەتاوان بەئەستۆمەوە، لەبەرنامەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆدا چەندان جار ئەو بێژەرانەم دەبینی چۆن دەوروخولی هەندێ مەلایان دەداو سەریان دەخستە سەری بۆ ئەوەی تەکفیری فاعیلی ئەو جەریمە مونکەرانە بکات، بەڵام وەك پۆڵا خۆیان رادەگرت و نەیان دەگوت یان "نەیاندەوێرا" بڵێن ئەوانەی لەرۆژی چەژن و شادیدا بەبێ سووچ و تاوان سەد کەسیان لەیەك چرکەدا کوشت، کافرو بێ دینن، ئایینی ئیسلام لێیان بەرییە. تەنانەت چەند مەلایەك هێزە کوردیەکانیان تۆمەتبار دەکردو پاساویان بۆ تیرۆریستان دەهێنایەو گوایە لەکاروکاردانەوەی دەسەڵاتی کوردە تیرۆرستان ئەم کارەیان کردووە.

من نازانم ئەمانە بۆ هێندە رقیان لەخوێندەواری هاوسەردەم یان رۆشنبیران هەیە. ئێ خۆ ئەو سەردەمانە بەسەرچوون چوونە مەکتەب لەدین لادان بێ، یان چوونە سەر مانگ کفرو تاوان بێ، بۆ دەبێ رەخنەگرتن لە مەلا بقە بێو کەس نەوێرێ پێی بڵێ بەری چاوت بەکلە. ئەمڕۆ سەردەمی لەروودا گوتن (مکاشفە)و روونبێژی و پەردەلادانە. لەدنیای هاوسەردەمدا رۆژ بەرۆژ پیرۆزییەکانی سەر زەوی ژمارەیان کەمتر دەبێتەوە، ڕاگەیاندن لەتروسکەی چاودا هەموو شت لەم پەڕ بۆ ئەو پەڕی دنیا دەگوازێتەوە، بەڵام بەقسەی مەلا مەلحەمی لەمەڕ خۆمان بێ نابێ رەخنە لە مەلا بگیرێ، تەنانەت نابێ ناوی ئەو (مەلا قاسم)ەش بێ کە لە موسوڵ فەتوای کوشتنی کوردی دەداو خوێنی منداڵو گەنجانی ئێمەی بەحەڵاڵ دەزانی، مەلا دەڵێ: مەسەلەی ئەو مەلا قاسمە هەموو لە بنجو بنەوانەوە هەڵبەستراوەو ئەسڵی نییە، نە فتوای داوەو نە خوێنی کوردی حەڵاڵ کردووەو نەشکوژراوە.

هەروەها دەڵێ: هەموو ئەمانە دەسکردی ڕاگەیاندن بوو و یاری کردن بوو بەمێشکی خەڵك.

جێی خۆیەتی بڵێین: ئەرێ مەلا مەلحەم تۆ ئەو هەموو راستیەت چۆن بۆ ئاشکرا بوو؟! ئەگەر توانیت ئەو هەموو دڕۆ هەڵبەستەیە ئاشکرا بکەی، چۆنە وەڵامی ئەو کەسانەش نادەیتەوە کە دەڵێن کوردستان بووە بەمەیدانی تەراتێنی جوولەکەو زایۆنی؟! یان هەر نەبێ وەڵامێکی ئەو مەلایە بدەیتەوە کە کتێب لەسەر (تەبشیر) دادەنێ و ماستەرو دکتۆرای پێ وەردەگرێ؟! هەرچەندە وەك هەموو دنیا دەزانێ کاری تەبشیر لەکوردستاندا زۆر لاوازەو، ئەو ڕێکخراوانەی کار بۆ ئەمە دەکەن تەنانەت لەکۆماری ئیسلامیش سەرکەوتنیان زیاتر بووە وەك لەکوردستان. دەترسم وەك مەسەلەی مەلا قاسمەکە، تۆ لەم مەسەلانەشدا لەگەڵ ئێمەدا نەبیت. بەمەش دەیسەلمێنێ ئەگەر سۆران ببێ بەفەلوجە بسکەی سمێڵی دی؟!!.

بەهەر حاڵ قسەکانی مەلا مەلحەم وەك هەویرێك زۆر ئاو هەڵدەگرێ، دەتوانرێ زۆر قسەی لەسەر بکرێت، حەزناکەم ئادابی قسەکردن ببەزێنم، ئەوەی نیگەرانیشم دەکات، مامۆستا دابو نەریتی دیالۆك بە باشی نازانێ و کۆمەڵێك تۆمەت و مەسەلەی وەك نەخوێندەواری و سمێڵ تاشین و قات لەبەرکردنی داوەتە پاڵم، کە هەندێ لەمانە دابونەریتی مۆدێرن و هاوسەردەمانەن، شانازی دەکەم رۆژانە سمێڵو ریش دەتاشم و خاوێنم، بەمەش جیام لەو چڵکن و کۆلکنانەی کە مێشکیان پڕە لەقڕێژو خوێنی خەڵك بە حەڵاڵ دەزانن.

بۆ نەخوێندەوارییەکەش دەڵێم من ئەو کاتە گومانم لەرۆشنبیری خۆم دەبێو بەنەخوێندەوارو نارۆشنبیرو نانووسەر پۆلین دەکرێم، کە لەکاروان بەجێماوێك پێم بڵێ خوێندەوار...

هێمن عەبدوڵڵا - هۆڵەندا

نەدەبووایە بەرامبەر "تسۆنامی" بێدەنگبین

ئەو کاتەی پۆستاڵرەش جووتشەقیان لەپیاوە ردێن سپییەکانمان هەڵدەداو بە بێئەدەبییەوە زارۆکەکانیان دەکوشتن و کچە نازدارەکانیان دەکردینە دیاریی شەوێکی سووری ناو سەماخانەیەکی عارەبی، ئێمە دەمانزیرکاندو دنیامان لە هەڵەبجەکان و ئەنفالەکان و زیندەبەچاڵکردنەکان ئاگادار دەکردەوە، ئەو کاتە هێندە تەنیا بووین کە دڵخۆشیی خۆمان بەوە دەدایەوە کە بڵێین: ئەگەر کەسیش پشتمانەگرێت، چیامان هەن، ئەوان دۆستی هەمیشەییمانن!!.

* * *

قەدەرمان وابوو کە نامراد بکوژرێین و خەونی گەورە لەدڵدا نەپەروەرێنین، کە تازە جحێڵەکانمان خەتی سمێڵیان دەهات، لەدواژوانی گەرمی یاردا، بە لەسەرخۆیی دەیانچرپاند: ئەوە دەڕۆم، سۆربێبێ تا ڕۆژی ئازادی زەماوەند نەگێڕم..

کەچی لەجیاتی ئازادی، لەنسکۆیەکدا، تەرمی شین هەڵگەڕاوی تازە جحێڵێکمان بۆ دەهاتەوە!.

ئەو ڕۆژانە هێندە قەڵس دەبووین لەدنیا، کە باوەڕمان دێنا بەوەی: مرۆڤایەتی ویژدانێکی خەوتووە، مەرگی هەزاران خورتی مە ناتوانێت بێداری بکاتەوە!!.

* * *

خواو ڕاستان، دوای زەمەنێکی دوور، دڵنەواییەکی سەنگینمان لە سەرکردەکانمانەوە بیست، مژدەی ئەوەمان دڕایێ کە جارێکیدی نامرین، جارێکیدی خەونکۆ ناکڕێن، جارێکیدی کۆمەڵکۆژ ناکڕێن. بۆ؟، چونکە دنیای ئێستا بەرگەی ئەوانیشتان ناگرێت!، ئێستا مرۆڤایەتی لەسەریەك وەدەنگە!!.

بۆیەش، ئێمەی لە غەدردا شەڵاڵ، سوکە هەناسەیەکمان هەڵکێشاو بەئارامی بە زارۆکەکانمان گوت: خەون ببینن چکۆلەکان، لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتی لەسەرتان وەدەنگدێت.

* * *

گوتم: زریکاندمان و مرۆڤایەتی نەیویست بمانبیستێت، بەڵام ئێستا کە ناچارە ببیستێت و ناترسین، ئێمە چۆنین؟، ئایا زریکەی مرۆڤەکانی دی دەبیستین؟، ئەرێ ئەگەر بزانین لە سوچێکی دیکەی ئەو دنیایەدا مرۆڤ کۆمەڵکوژ دەکڕێن، وەدەنگ دێین یان خۆمان لەبیر دەکەینو بێدەنگ تەماشا دەکەین؟، دەشمەوێت بپرسم: تۆ بڵێی نەگۆڕابین؟.

* * *

ئەوەی لەرۆژانی رابردوودا لەوڵاتانی دەوروبەری ئۆقیانوسی هیندیدا ڕویدا، زۆرتر لەوەی کارەساتێکی خەفەتبار بێت، تاقیکردنەوەیەکی خەتەرناك بوو بۆ لە مەحەکدانی (مرۆڤبوون) لەدنیای نوێدا.

دەریا لەرزەیەك، بەهێزێکی هێندەی ٩٠٠ بۆمبی ئەتۆمی لە هاوڕەگەزەکانمان دەدات و بەهەزارانیان لێدەکوژێت، جیاوازیش ناکات لەنێوان لاو و پیرو ژارۆك و ژن، کەچی ئێمە لەوسەری دنیادا بێدەنگ تێیانەوە ڕادەمێنین و مێش میوانمان نییە!!.

قسەیەکی ئەرنێست هەمەنگوایم وەبیر هاتۆتەوە کە دەڵێت: لەڕوانگەی سروشتەوە، هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان مەرگی پشیلەیەك و مەرگی ئینسانێکدا (کەواتە مەرگی مرۆڤێکیش ئەگەر بەدەستی جەللادێك بکوژرێت، یان بە ڕووداوێکی سروشتی، هەر یەك شتە –نوسەر–)..

ئەو جوانی بۆچووە، بەڵام بەداخەوە هێندە نەژیا تا بەچاوی خۆی ببینێت، ئێمە نەك بۆ مەرگی پشیلە بەڵکو بۆ مەرگی مرۆڤانیش نارەحەت نابین.

* * *

لەتاقیکردنەوەکەی (تسۆنامی)دا، وڵاتانی ئیسلامی نمرەی خەجاڵەتهێنەریان هێنا، لەرۆژانی ڕووداوەکەدا نرخی نەوت لەوپەڕی بەرزیدا بوو، کەچی پارەی هەموو دنیای ئیسلامی نگەیشتە ئەو پارەیەی لەوڵاتێکی ئەوروپیی چکۆلەی وەك هۆڵەندادا بۆ کۆستەکەوتووان کۆکرایەوە، بەشبەحاڵی خۆم چاوەڕێ بووم هاونیشتمانییەکانم کارێك بکەن کە پێشانیبدەن بەرینە هێشتا بەسوێکانی خۆیان بیر نەچۆتەوە و بەراستیش شتێکی جیان لە دەوروبەریان..

* * *

بۆ من جێی سەرنج بوو کە پیاوانی ئاییینیی کورد، ئەوانەی لە فتواداون و بە بێئەخلاقناساندنی هونەرمەندو نقیسەڤانانەوە چەلەنکی کەموێنەن، بۆچی بۆ مەرگی هەزاران موسوڵمانی ئەندەنوسیا فتوای پێتاککۆکردنەوەیان نەدا؟، یان هاونیشتمانییەکانم، ئەوانەی لە مارەییکردنەوەی وڵاتەکەیان بە عێراقەوە بێدەنگ بوون، بۆ لەو تاقیکردنەوەیەشدا بێدەنگیان هەڵبژارد؟.. وەڵام هەرچییەك بێت، تەنیا دەڵێم: نەدەبووایە بێدەنگبین.

www.hemnabdulla.blogspot.com

ڕەسوڵە خرەی باخەوان نەخوێندەوارێکی ڕووناکبیر! ١٨٩٧-١٩٥٨

هاوڕێ باخەوان - هۆڵەندا



زۆرجار گوتوومە ڕووناکبیری نە بەوەیە بزانیت بخوێنیتەوەو بنووسیت، نە بەوەشە بڕوانامەی دکتۆرات هەبێت. زێدەڕۆیم نەکردووە ئەگەر بڵێم تەنانەت نووسەری چەند کتێبێکیش بیت.

هەموومان بینیومانە کەسانێك لەو ئەوروپای خۆرهەڵاتە بەکەڵەك ساختە دکتۆرایان هێناوەو ئێستا پیتی (د)یان کردۆتە پێشگری ناوەکەیان بەبێ ئەوەی سەرە واوێك لەمێشکیاندا ببێت!. تەنانەت هەندێك لەو خاوەن (د)ە ساختانە ئێستا مامۆستای زانکۆنو نەوەی داهاتوومان لەسەر دەستی هەندێك لەو مامۆستایانەدا پەروەردە دەکرێن!.

ڕووناکبیری نە بەخوێندەواریيە، نە بەوەدەستهێنانی بڕوانامە. بەڵکو خوێندەواری دەبێتە هۆکارێکی بچووکی ڕووناکبیری.

لەمێژووی ئێمەدا گەلێك ڕووناکبیری نەخوێندەوارمان بووە. زۆربەی ئەم ڕووناکبیرە نەخوێندەوارانەی کە گەشتی ژیانیان لە پێش نیوەی سەدەی ڕابردوودا بووە. بەڵام لەبەرئەوەی نەخوێندەوارببون، نەیانتوانیوە زادەی بیریان بۆ ئێمە تۆمار بکەنو ئێمەی نەوەکانی دوای ئەوان سوودمان لێیان وەربگرتایە و ببوواینەتە بەشێکی گرنگ لەمێژووی کوردەواریمان.

یەکێك لەو سەربازە ونە ڕووناکبیرە نەخوێندەوارانەمان ڕەوانشاد (ڕەسوڵە خرەی باخەوان)ە.

پێش ئەوەی کەمێك باس لە ڕووناکبیریی ئەم ڕووناکبیرە نەخوێندەوارە بکەم، پێم باشە کورتەیەکی بیۆگرافییەکەی بخەمە بەردەستی خوێنەران:

ڕەوانشاد ڕەسوڵە خرە، ناوی (ڕەسوڵ کوڕی مەحمود وەیس)ە. لەساڵی ١٨٩٧ لەگوندی (نوورەدین)ی ناوچەی پڕدەر لەدایکبووە. بنەماڵەی باوکی (مەحمود وەیس) نزیکەی هەژدە کەس بوون، خەڵکی گوندی نوورەدین بوون. باوکی زۆر دەوڵەمەند بووەو کێشەیەکی زۆری لەگەڵ ئاغاکانی نوورەدینو پڕدەردا هەبووە، کە وەك دوایی بۆم دەرکەوتووە دوژمنەکانی میراودەلییەکان بوون. ئەم کێشەیە گەورە بووەو ئاغاکان مەحمود وەیس و هەموو بنەماڵەکەی بە گەورەو بچووکەوە دەکوژن و تەنیا ڕەسوڵە خرە کە ئەوکات مێرمنداڵ بووە دەمێنێتەوەو پاش ئەوەی بە کۆڵەکەیەکەوە دەبەستنەوە لەدەست پیاوانی ئاغا هەڵدێت و لەگوندی ژاژڵەی نزیك ماوەت دەگیرسێتەوەو دەچێتە ماڵی حاجی مەحموودی جەیران. ئەم حاجی مەحمودە وەك منداڵی خۆی بەخێوی کردووەو لەگوندی قامیشی ناوچەی شینکایەتی کچێکی بۆ دەهێنێت کە ناوی (مریەم) دەبێت و هەردووکیان لەگوندی (کۆلکە) نیشتەجێ دەبنو لەوێ پاش ئەوەی منداڵێکیان دەبێت، دەگوێزنەوە بۆ سلێمانیو لەوێ بەرەوامی دەدەن بە ژیانیان.

دیارە لە زۆربەی کاتدا هۆی لانەگواستنەوە لەگوندەوە بۆ شار دەستکورتی و بژێوی ژیان بووە. ڕەسوڵە خرەو مریەمی خێزانی و مەولودی کوڕیان بەمەبەستی ژیانێکی باشتر لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمدا هاتوونەتە سلێمانیو لەگەڕەکی مەزاتخانەو پاشان لەگەڕەکی (گونجێ)دا نیشتەجێبوون. وەك دەگێڕنەوە خاتوو مریەمی خێزانی ڕەسوڵە خرەی زۆر زۆر خۆشویستووە، بەڕادەیەك کە زستانان مێردەکەی بانگووشیی کردووەو لە کاتی بەفرو سەرمادا بەفری ماڵیوە ئەویش لەبەر بەفرەکە وەستاوەو دراوسێکانی پێیان وتووە "مریەم بۆ ناچیتە ژوورەوەو بەم بەفرە چیدەکەیت لە حەوشە، ئەویش لەوەڵامدا وتوویەتی چۆن من بچمە ژوورەوەو لەبەر زۆڕیا دانیشم و ڕەسوڵیش بەم سەرمایە بەفر بمالێت"!..

ڕەسوڵە خرە پاش ئەوەی لەسلێمانی ٢ کوڕو کچێکی دەبێت، مریەمی خێزانی زۆر بەگەنجی دەمرێت و منداڵەکانیشی ورد دەبن. پاش ماوەیەك خوشکەزایەکی مریەم بەناوی (ڕەحمە)وە دەخوازێت و لەوێش ٣ کوڕو ٣ کچی تری دەبێت و خێزانێکی گەورەی لەبەری دوو ژن دەکەوێت بەسەردا ناچارە شەوو ڕۆژ خەریکی بژێویی دارتاش- وەستای مۆبێلە دروستکردن لەجادەی کاوە، قادر ڕەسوڵ- وەستای بیناسازیی و پاشان کۆتڕاکچیی و سینەمانی دڵشادو ژمارەیەك لەگەڕماوەکانی سلێمانی ئەم دروستیکردووەو مەحمود ڕەسوڵ مەحمود- وەستای قالبەست). نەوەکانی ڕەسوڵە خرە لەشاری سلێمانیدا لەم کاتەدا لە ١٥٠ کەس تێپەڕیکردووە.

ئەوە کورتەیەکی گەشتی ژیانی ڕەسوڵە خرە بوو.

* نێوبراو یەکێك بوو لەدەستپاکەکانی شاری سلێمانی، دەوڵەمەندەکانی شار کاروباری دارایيان پێی سپاردووەو ئەگەرچی لەزۆر کاتدا دەستکوورت بووە بەڵام لە هیچ کات و بارێکدا عانەیەکی ئەو دەوڵەمەندانە لای ئەو کورتی نەهێناوە.

* هەمیشە باوەڕی بەیەکسانیی پیاوو ژن بووەو زۆرجار فەزڵی کچەکەی (فاتمەخان)ی داوە بەسەر کوڕەکانیدا. لەکاتی شووکردنی کچەکەشیدا پرسی بەکەس نەکردووە تەنها بەخۆی نەبێتو ئەگەرچی هەندێك لەکوڕەکانی بەو لەگەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی.

سەرباری وەستایەتی و باخەوانی زستانان بەهۆی بێکارییەوە بانگووشیی کردووە. ماوەیەکیش دەمراستی (حاجی برایمی سەراج) بووە، جەڵەبی لەسلێمانییەوە بەپێ بۆ بردووە بۆ موسوڵ و لەو سەرەوە پارەکەیی بۆ هێناوەتەوە.

ڕەسوڵە خرە بەو شێوەیە ژیانی بەسەربردووە تا لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٨دا بە نەخۆشیی ئاوبەنگ کۆچی دوایی کردووەو لەگردی ناوپاستی شاری سلێمانی نێژراوە. هۆی نەخۆشکەوتنی ڕەسوڵە خرە بەهۆی گیرانی کوڕە گەورەکەیەوە بووە (مەولود ڕەسوڵ) لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە کە ئەوکات ئەندامێکی بەرزی حیزبی شیوعیی ئێراقی بووە، بەگیرانی کوڕەکەی تووشی خورپە بووەو ئیتر وەك جاران نەهاتووەتەوە سەرخۆی تاوەکو کۆچی دوایی کردووە. پاش ڕەسوڵە خرە کوڕەکانی بوونەتە یەکێك لە باشترین وەستاکانی سلێمانی. (مەولود ڕەسوڵ- وەستای چاککردنەوەی تەلەڤزیۆن و رادیۆ لەجادەی کاوە، محەممەد ڕەسوڵی دارتاش- وەستای مۆبێلە دروستکردن لەجادەی کاوە، قادر ڕەسوڵ- وەستای بیناسازیی و پاشان کۆتڕاکچیی و سینەمانی دڵشادو ژمارەیەك لەگەڕماوەکانی سلێمانی ئەم دروستیکردووەو مەحمود ڕەسوڵ مەحمود- وەستای قالبەست). نەوەکانی ڕەسوڵە خرە لەشاری سلێمانیدا لەم کاتەدا لە ١٥٠ کەس تێپەڕیکردووە.

ئەوە کورتەیەکی گەشتی ژیانی ڕەسوڵە خرە بوو.

* نێوبراو یەکێك بوو لەدەستپاکەکانی شاری سلێمانی، دەوڵەمەندەکانی شار کاروباری دارایيان پێی سپاردووەو ئەگەرچی لەزۆر کاتدا دەستکوورت بووە بەڵام لە هیچ کات و بارێکدا عانەیەکی ئەو دەوڵەمەندانە لای ئەو کورتی نەهێناوە.

* هەمیشە باوەڕی بەیەکسانیی پیاوو ژن بووەو زۆرجار فەزڵی کچەکەی (فاتمەخان)ی داوە بەسەر کوڕەکانیدا. لەکاتی شووکردنی کچەکەشیدا پرسی بەکەس نەکردووە تەنها بەخۆی نەبێتو ئەگەرچی هەندێك لەکوڕەکانی بەو شووکردنە ڕازینەبوون بەڵام ئەو گوێی پێنەداوەو وتوویەتی لەبەرئەوەی کچەکەم دڵی بەو کوڕەوەیە دەبێت شووی پێبکات و ئەو تەنها خۆی بڕیار دەدات..

* هەمیشە وتوویەتی ئاگاتان لە قسەکردن بێت. قسە وەك گوللە وایەو ناگەڕێتەوە. لەبەرئەوە (قسە پێش کردنی دەبێت زۆرباش ببیژن ئنجا بیوژن).

* لەژیانیدا نوێژی نەکردووەو ڕەحمەخانی خێزانی دووەمی زۆرجار شەڕی لەگەڵدا کردووە کە بۆچی نوێژ ناکات.

* لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٨دا کە نەخۆشیی ئاوبەنگ زۆری بۆ دێنێت و لەجێگادا دەیخات و لە گیانەڵڵادا دەبێت، خزمو خوێش مەلایەکی بۆ دێنن تاوەکو یاسینی بخوێنێت و شایەتمان بهێنێت. بەڵام ئەو ڕازی نابێت و مەلاکە دەردەکات و دەڵێت من باوەڕم بەم شتانە نییە.

ڕەوانشادی باپیرم نە نوێژی دەکرد، نە حاجی بوو و نە سەید. بەڵام کەسێکی دەستپاك و ڕەنجدەرێکی بەردەوام بوو و باوەڕی تەواوی بەیەکسانی هەبوو. ئایینی ئەو دەستپاکی و ڕاستگۆیی و کارکردن و بژێویی خێزانی و یەکسانی بوو. بیری ڕووناکیش بەبێ ئەوەی بتوانێت تەنانەت ناوی خۆشی بنووسێت. هەربۆیە بەبێ دوودڵی دەتوانم بڵێم ڕەسوڵە خرە ڕووناکبیرێکی ونی نەخوێندەواری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بوو.

یادت بەخێر باپیرەگیان.. هەرچەندە تەنها وێنەکەت دیوە، بەڵام زۆر هاوڕێتم... زۆر هاوبیرتم...

٢٠٠٤/١٢/٢٦

سەرچاوەکانی ئەم نووسینە بریتییە لە کۆمەڵێك گفتوگۆ لەگەڵ:

* باوکی بەڕێزم: قادر ڕەسوڵ مەحمود.

* پووری بەڕێزم: فاتمە ڕەسوڵ مەحمود.

* مامی بەڕێزم: مەحمود ڕەسوڵ مەحمود.

http://www.bakhawan.com

پەراوێزەکان:

١-بڕوانە: شاری سلێمانی- لیستەی وەستای خشتو بەردکاری- بەرگی یەکەم- ئەکرەمی مەحمودی سالحی ڕەشە.

٢-هەر لەسەرچاوەی پێشوودا لە لیستی باخەوانەکانی شاری سلێمانیدا ناوی ڕەوانشادی تێدایە.

دوو جیهانی جیاواز

(بەراوردێك لەنێوان کوردستانو سعودیە)

مەریوان نەقشبەندی - سعودیە

هەر کەماڵی عەرەبستانی سعودیە بویت (بەفڕۆکە یان ئۆتۆمبێل) خێراً هەست بەپادەی بەرزی هونەری بیناسازی و بونیادنان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی دەکەیت. باشترین و گەورەترین فڕۆکەخانەی جیهان لەسەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو نوێترین ئۆتۆمبێل و شەقامی چوار سایدو دوو ساید کە هەرگیز نابینیت دوو ئۆتۆمبێل لەسەر یەك شەقام ڕووبەڕووی یەکتر تێپەڕن. هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کەمترین ڕێژەی ڕووداوو پێکدادانی ئۆتۆمبێل لەسعودیەو وڵاتانی کەنداوادا ڕووبدات. بەسەدان و بگرە هەزاران باڵەخانەو کۆشکی گەورە لەهەر شارێکی سعودیە دەبینیت کە ئوتێلەکانی (شیراتۆن)ی هەولێرو (ژیان)ی دهۆك و (سلێمانی پاڵاس) بەبەراورد لەگەڵ ئەوان بچوکترین نمونەن. زیاتر لە (٣٥) ساڵە لەسعودیە بۆ (٥) دەقیقەش کارەبا نەبڕاوە. بەسەدان سوپەرمارکێتی وەك (مازی)و پێشکەوتووتر لە هەر شارێکدا لەسعودیە دەبینیت. خزمەتگوزاری وەك شارەوانی و پلاندانانو گواستنەوەو گەیاندنو کۆمپانیاکانی مۆبایل کە لەسعودیە بە (جوال) ناودەبرێت، لەسەرتاسەری جیهاندا وێنەی نییە. هیچ فەرمانبەرێکی سعودیە نییە موچەکەی لە (٣٠٠٠) دۆلار کەمتر بێت. سێ ڕۆژنامە بەناوی (ریاض، عکاظ، مدینة) دەردەچێت بەقەبارەی (٣٦) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگو نرخەکەشی تەنها (٢) ڕیالە کە دەکاتە (٧٥٠) دیناری نوێی عێراق.

بەڵام لەبەرامبەردا لەسەرتاسەری سعودیە جگە لەباڵێوزخانەو دەزگا ئەمنی و ڕەسمییەکانی حکومەت یەك (صحن)ی سەتەلایت نابینیت. لەسەر شەقامەکانی سعودیە بەدەیان کەس دەبینیت دەستیان بڕاوەتەوە یان پەنجەکانیان بڕاوەتەوە بەهۆی دزی کردن، چونکە یاسای سعودیە فەرمانی بڕینەوەی دەستی هەر کەس دەدات ئەگەر دزی بکات. فەرمانی لەسێدارەدانیش بەشمشێر جێبەجێدەکرێت. کاتێك گوێت لەدەنگی بانگ بوو نابێ هیچ کەس دوکانەکەی کراوە بێت. هیچ کەس لەسعودیە بۆی نییە جگە لەکەنائی تەلەفزیۆنی ڕەسمی سعودیە سەیری هیچ کەناڵێکی دیکە بکات. بەکارهێنانی ئینتەرنێت قەدەغەیەو جگە لەماڵەکاندا کە بەدزیەوە لەپرێگای کارتی قاچاخەوە بەکاری دێنن. لەهیچ بازارێکی سعودیدا قاوەخانەیەکی ئینتەرنێت نابینیت. ١ لەسەر ٣ی خەڵکی سعودیە لەدەرەوە هاتوون و ڕەگەزنامەی سعودیان وەرگرتووە. ئاستی زانستی و ئەکادیمی دانیشتووانی سعودیە زۆر نزمەو ٦٥٪ی ڕۆشنبیرو خوێندەوارەکانی ئەم وڵاتە یان لەدەرەوە دەژین یان بۆ کاری بازرگانی سەردانی سعودیە دەکەنەوە، ئافرەتانی سعودیە بۆیان نییە بەتەنها بڕۆنە هیچ دوکانێکی خەیاتییەوە. لەکاتێکدا هەموو ئافرەتێکیان، یان بەوردی بڵێین ٩٠٪ی ئافرەتانی سعودیە لەدەرەوە دەموچاویان بە (پەچەی ڕەش) داپۆشراوەو هیچ کەس نازانێت ئەو ئافرەتە ڕووی لەکوێیەیە. ڕۆژانە لەڕێگای ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنی سعودیەوە دەبیستین کە گروپێکی چەکداری تووندڕۆ دەستگیر کراوە کە خەڵکیان ئامادە کردووە بۆ (جیهادکردن) لەعێراق لەکاتێکدا سعودیە پڕیەتی لەسەربازی ئەمریکی. لەسعودیە پەیوەندی هاوڕێیەتیم لەگەڵ چەند ڕۆژنامەنوسێکدا دروستکردو هەندێکیان زۆر ڕاشکاوانە پێیاندەگوتم ئێوە لەکوردستان ئازادیتان وەرگرتووە، بەڵام لەئێمکانیەتی ئابووری و خزمەتگوزاری شارەوانی و هۆیەکانی ژیان مەحرومن، ئێمەش هەموو شتێکمان هەیە تەنها ئازادی و دیموکراسی نەبێت. سعودیەکان دەیانگوت: دیموکراسی بۆ وڵاتی ئێمە ناشێت چونکە ئەگەر ڕژێمێکی دیموکراسی لەم وڵاتەدا دروست ببێت ئەوا تیرۆرست و سەلەفیە وهابییەکان چاومان دەردێنن، لەبەر ئەوە ئێمە بەم ژیانەی خۆمان ڕازین هەتا ئەو کاتەی هەموو بنکەکانی تیرۆرو هەموو گروپە سەلەفیە جیهادیەکانی سعودیە لەناو دەبرێن.